# جۆرو دابەشبوون و تایبەتمەندیەکانی گەڕەکە نموونەیەکان لە شاری هەولێر

پ.ی.د.هیوا امین جلال شوانی[1] م.ی. ژیار خدر رسول[2]

[1] فاکەلتی پەروەردە – بەشی جوگرافیا
[2] فاکەلتی پەروەردە – بەشی جوگرافیا

**پوختە**

شار وەکو جەستەیەکی زیندوو بەردەوام لە گۆڕانکاری دایە، شێوەیەك لە شێوەکانی شار بریتیە لە نیشتەجێبوون، ئەم شێوازەی بەکارهێنانی زەوی بەپلەی یەکەم دێت لە داگیرکردنی زەوی شاردا کە بەشداری دەکات بە ڕێژەی (٣٠-٤٠٪) لە کۆی گشتی زەوی شار. ئەو ڕێژەیە گۆڕانکاری بەسەردادێت لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر، لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر بەگوێرەی ئاستی پێشکەوتنیان.

بێگومان شار وەکو لایەنێکی سەرەکی شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوانە، بۆیە دەبینین ژمارەی دانیشتوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوون دایە. ئەمەش وای کردووە شارەکان قورسایەکی زۆریان بکەوێتە سەر هەم لە فراوانبوون، لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ کەم کردنەوەی ئەو فشارو قورساییە لەسەر شاری دایك، لە ئێستا پەنایان بردۆتە بەر دروست کردنی شارو گوندو گەڕەکی شارنشینی نموونەیی.

لە ئێستادا توێژینەوەکان لەسەر پڕۆژەی وەبەرهێنانە نوێیەکان گرینگیەکی زۆری لەلایەن پلانداڕێژەران لەلایەك و حکومەت لە لایەکی تر، وەکو چارەسەرێك بۆ کەمکردنەوەی کەم و کوڕیەکان و فشارەکان لەسەر شار، کە ئەم گەڕەکانە لە بنەڕەتدا سەر بەشاری دایکن. بەحوکمی ئەوەی ئە گەڕەك و پڕۆژانە تەواو سەربەخۆن لەڕووی خزمەتگوزارییە ژێرخان و سەرخانەکان. دەبێن لە ئێستادا لە کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بەردەوام پەرە بە کەرتی وەبەرهێنان دەدەن.

## پێشەکی

ناوچەی توێژینەوە بە حوکمی ئەو تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی و کارگێڕیەی کە هەیەتی و پایەتختی هەرێمی کوردستانە، بۆ تە ناوچەیەکی جەمسەری بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان لە هەموو بەشەکاندا چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی دەرەکی. لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی (٢٠٠٣) بووە بە سەردەمی درەوشانەوەی گەڕەکە نموونەیەکان وەکو پێداویستەیەکی سەرەکی نیشتەجێبوون لە شاردا .

گرینگی توێژینەوەکە: گرینگی گەڕەکە نموونەیەکان و هۆکارە پاڵنەرەکانی دروست بوون و سەرهەڵدانی لەخۆ دەگرێت لە ناوچەی توێژینەوە، کەلە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی سروشتی مرۆیی و ئابوریەکان، توانیویەتی ببێتە شارێکی نوێ و پلان بۆداڕێژراو. ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی گونجاوە بۆ دروست کردنی ئەو گەڕەکە نموونەیانە، ئەمەش هۆکارێکی پاڵنەر بووە کە دانیشتوان ڕابکێشێت بۆ نیشتەجێبوون. دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی فشار لەسەر شاری دایك، بە دابین کردنی ژینگەیەکی تەندروست و ژیانێکی ئاسودەو هەلی کار، سەرەڕای دابین کردنی تەواوی خزمەتگوزاریەکانی شار .

ئامانجی توێژینەوەکە: ئەو توێژینەوە وەکو هەڵسەنگاندنێکە بۆ دروست کردنی گەڕەکە نموونەیەکان لە ماوەیەکی دیاری کراودا، یەکێکە لە هەنگاوە پێویستیەکان لە پرۆسەی پلاندانانی پڕۆژەکان و گەشەپێدانیان، شیکردنەوەی ئەو کاریگەریانەی کەلەسەر ناوچەکانی دەوروبەری دروستی دەکات، ئەگەر لایەنی باشە بێت یان لایەنی خراپە بێت .

کێشەی توێژینەوەکە: سەرەڕای خزمەت کردنی ئەو پڕۆژانە بە دانیشتوانی شار، لەگەڵ ئەوەشدا ناتواندرێ لایەنە خراپەکانی پشت گوێ بخرێت بۆیە گرینگە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بکەوێتە دەستی لایەنی پەیوەندی دار، بۆ چارەسەرکردنی کەم و کوڕی ئەو گەڕەکانە بەتایبەتی ئەو لایەنە خراپانەی کە پەیوەندیان بە تێکدانی ژینگەی شارەوە هەیە .

گریمانەی توێژینەوەکە: ئایا گەڕەکە نمونەیەکان چ ئاسەوارێکی ژینگەییان بەجێ هێشتووە لەسەر ناوچەی توێژینەوە؟؟؟ ئایا گەڕەکە نموونەیەکان چارەسەربوون بۆ کەمکردنەوەی گرفتەکانی

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

شار یان گرفتەکەیان فراوانتر کردووە؟؟؟

میتۆدی توێژینەوەکە: ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە بەکارهێنانی چەند میتۆدێك هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕاست و دروست لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی شیکاری داتاو زانیاریەکان و بەراوردکردنیان، میتۆدی پیشەیی و میتۆدی مۆرفۆلۆجی بەکارهاتووە، سەرەڕای بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی .

سنوری شوێن و کات لە ناوچەی توێژینەوە: ناوچەی توێژینەوە لەڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (١٠-٣٦)پلەی باکور، هێلی درێژی (٢٠-٤٤)پلەی ڕۆژهەلات ( المدرس، ٢٠٠٣: ٣٢). کۆی گشتی ڕووبەرەکەی لە ئێستادا (٣٥,٨٢)کم٢ گرینگی شوێنی جوگرافیەکەی وای کردووە ببێتە ناوچەیەی کێشکردنی دانیشتوان نەخشەی ژمارە (١) . سەبارەت بە سنوری کاتی ئەوا لە ساڵی (١٩٤٧) وەکو یەکەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی و گەشەکردن و فراوانبوونی شارمان وەرگرتووە تا ساڵی (٢٠٢٠).

نەخشەی ژمارە (1) شوێنی ناوچەی توێژینەوە لە پارێزگای هەولێر



سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map)، پشت بەست بە نەخشەی پارێزگای هەولێر، نەخشەی ئاسمانی شاری هەولێر ساڵی (2020) بە (Bas Map) .


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پلانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بەسەر سێ تەوەری سەرەکی و پێشەکی و دەرئەنجام و ڕاسپاردەو لیستی سەرچاوەکان بەو شێوەیەی خوارەوە :

تەوەری یەکەم: جۆرو ئاستی گەڕەکە نموونەیەکان بەگوێرە

تەوەری دووەم: دابەشبوونی جوگرافی گەڕەکە نموونەییەکان

تەوەری سێیەم: تایبەتمەندیەکانی گەڕەکە نموونەیەکان (باش، خراپ)

دەرئەنجام، ڕاسپاردە، لیستی سەرچاوەکان .

تەوەری یەکەم: ئاست وجۆری گەڕەکە نموونەیەکان لە شاری هەولێر

لە زۆربەی کتێبەکان و توێژینەوەکاندا ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ پڕۆژەی نیشتەجێبوونی پلانبۆدارێژراو لە شاردا. سەرەڕای جیاوازی لە بەکارهێنانی چەمکەکەدا بەڵام لەم توێژینەوەیەدا لەسەری گەڕەکی نمونەی ڕێکەوتین. یەکێك لەوانەی ئاماژەی بەم چەمکە کردووە (عبدالرزاق عباس حسين) کە بە گەڕەکی نیشتەجێبوونی پلانبۆدارێژراو (الحياء سكنية المخططة) ناوی بردووە. کە دەستەواژەیەکە بۆ ئەم ناوچانە بەکاردێت کە پلانبۆدارێژەرانی شار بەکاری دەهێنن بۆ یەکە نیشتەجێبوونەکان کە لێکچوون هەیە لە ڕووی ستانداردو لایەنی کۆمەڵایەتی دانیشتوان، بەدابین کردنی تەواوی خزمەتگوزارییەکان لە خوێندن، شوێنی کات بەسەربردن و بازرگانی. هەڵبژاردنی شوێنی ئەو گەڕەکانە لە ناوچەکانی دوری شارو لێواری شار، دور لە ڕێگا سەرەکیە قەرەباڵغەکانە (ال مدرس، ٢٠١٧: ١٦٠).

کاتێك باس لەم پرۆژانە دەکرێت هەردوو جۆری دەگرێتەوە لە شێوازی ئاسۆی کە مەبەست لێی خانووەکانی نیشتەجێبوونە، شێوازی ستونی کە مەبەستمان لێی شوقەکانی نیشتەجێبوونە، هەروەها هەموو ئەو پڕۆژانەش دەگرێتەوە کەوا لەلایەن حکومەتەوە پێشکەشی هاوڵاتیان کراوە، ئەو پڕۆژانەش کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەسەرپەرشتی حکومەت دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە .

کاتێك باسی گەڕەکە نموونەیەکان دەکەین هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ناوچەکانی لێواری شار، مۆرفۆلۆجیای ئەو شارانە جیاوازە لە شێوازی دروستکردن و ڕێگاوبان و دابینکردنی ژێرخان و سەرخانی ئابوری، کەرستەو کەلوپەلی بەکارهاتوو.

دیاری دەکرێت لەسەر ئاستی داهاتوو بژێوی، لایەنی کۆمەڵایەتی دانیشتوان . ئەم گەڕەکانە زۆربەی کات لەسەر شێوەی شاری نوێ بەدیار دەکەون بەتێپەڕبوونی کات گەورەدەبن و گەشەدەکەن، کە لەبنەڕەتدا سەر بەشاری دایکن. هەربۆیە لەم باسەدا باس لە ئاست و جۆری گەڕەکە نموونەیەکان دەکەین .

یەکەم: ئاست و جۆری گەڕەکە نموونەیەکان

١- پڕۆژەی نیشتەجێبوونی تێچووی بەرز (Hight Cost) : هەموو ئەو پڕۆژەی نیشتەجێبوونانە دەگرێتەوە کەوا نرخ و تێچوویان بەرزە، کە تایبەتە بە چینی دەوڵەمەندو بازرگان و بەرپرس کە خانووەکانیان بە بەرزترین کوالێتی دروست کراون، دەکەونە باشترین و خۆشترین بەشەکانی شار باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی دانیشتوانەکەی دەکەن، سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی هەموو مەرجێکی تەندروستی و سەلامەتی. نرخی ئەم یەکەو پڕۆژانە بەرزە زۆربەی کات دەگاتە نێوان (١٥٠ – ٢٠٠٠) هەرزار دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر یەك یەکەی نیشتەجێبوون، لە گرینگترین ئەو پڕۆژانەش لە ناوچەی توێژینەوە بریتین لە هەریەك لە شارەکانی ( دریم ستی، ئیمپایەر، پارك ڤیو، گرین لاند، دوبەی ستی، گوندی ڤیتال، فیوچەر ستی، گوندی ئەمریکی، شاری پانك ...هتد).

٢- پرۆژەی نیشتەجێبوونی تێچووی مامناوەند (Middle Cost) : ئەو پڕۆژانە دەگرێتەوە کە نرخ و تێچوویان مامناوەندە، تایبەتە بە چینی مامناوەند لە داهات و ئاستی بژێوی کە زیاتر مامۆستایانی زانکۆ، پزیشکەکان، ئەندازیارەکان لەم گەڕەکانەدا نیشتەجێن. خانووەکانی ئەم گەڕەکانە تاڕادەیەکی زۆر باش هەموو خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی ژیانی تێدا دابین کراوە، کەرستەو کەلوپەلی زۆر باشی تێدا بەکارهاتووە بەلەبەرچاوگرتنی خزمەتگوزاریەکانی ( مارکێتینگ، تەندروستی، قوتابخانە، شوێنی کات بەسەربردن، پاراستن و سەلامەتی دانیشتوان ). نرخی خانوو لەم گەڕەکانە دەگاتە نێوان (٤٥٠ – ٦٠٠) هەزار دۆلاری ئەمریکی(*) هەریەك لە پڕۆژەکانی (گوندی ئیتالی یەك و دوو، گوندی ئینگلیزی، گوندی ئەمریکی، هیواستی، ئەندازیاران، نۆبڵ، گوندی ئارام، ماس ستی، فیردەوس ستی، کاڤار ستی، شاری ئاشتی یەك و دوو، مارینا یەك و دوو و سێ، گوندی لوبنانی، سلاڤا ستی، جیهان ستی ...هتد) لەو پڕۆژانەن لە ناوچەی توێژینەوە .

٣- پرۆژەی نیشتەجێبوونی تێچووی نزم (Low Cost) : هەموو ئەو پڕۆژانە دەگرێتەوە بۆ چینی کەم دەرامەت، لەلایەن حکومەتەوە دروست دەکرێت، ئەم پڕۆژانە دەچنە چوارچێوەی گەڕەکی نموونەی بەڵام ئاست و کوالێتی و جۆرو کەرستەو کەلوپەلی بەکارهاتووی ناگات بە دوو ئاستەکەی پێشوتر، نرخی خانوو یان شوقە لەم جۆرەدا دەگاتە (٣٠-٦٠) هەزار دۆلاری ئەمریکی(**)، بە قەرزی درێژخایەن دەدرێت بە هاوڵاتیان، لە ڕووی خزمەتگوزاریشەوە تاڕادەیەك باش و گونجاوە، لەناوچەی توێژینەوە هەریەك لە گەڕەکەکانی ( دەشتی بەهەشت، گوندی کۆری، شاری زیلان، دەروازەی شار، شاری ژین، بەفرین ستی، فلۆریا ستی، شاری باجگر، سەری بڵند، شاری لاوان، شاری ئایندە، لانە ستی، شاری کامەرانی، گوڵان ستی، هەولێر ستی، ئۆزاڵ ستی، شاهان ستی، بەحرکەی نوێ، هەرشەم یەك و دووو سێ، کوردستان ستی، گەنجان ستی، زێڕین ستی، مەم و زین، ئاڵان ستی، ڕۆز تاوەر، پلاص لایف، ژیان ستی، شیاو ستی، هیران یەك و دوو، ئاوێنەی شار، چاودێر ستی، گوندی منارە ... هتد ) لەم پڕۆژانەن .

دووەم: دابەش بوونی جوگرافی بۆ گەڕەکە نموونەییەکان لە ناوچەی توێژینەوە

کۆی گشتی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون (گەڕەکە نموونەیەکان) لە سنوری پارێزگای هەولێر دەگاتە (٩١) گەڕەك، بەرووبەری (١٥٣٨٦١٠٠)دۆنم، کە دەکاتە (٣,٨٤٦) هێکتار (٨٢) گەڕەك دەکەوێتە سەنتەری شاری هەولێرە کە

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ (اكبر محمد على)، خاوەنی نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو بەرەو زەوی و زاری هیران، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٨).
(**)چاوپێکەوتن لەگەڵ (عماد عزيز سليم)، خاوەنی نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو بەرەو زەوی و زاری باغی هەرزان، ڕ (٢٠٢٣/٣/١٨).


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ڕووبەرەکەی دەکاتە (١٣٩٧٣٦٢٢) دۆنم، کە دەکاتە (٣,٤٩٣)هێکتار. لە کاتێکدا کۆی گشتی ڕووبەر لە ناوچەی توێژینەوە (١٤٣,٣١٠) هێکتارە کەواتە گەڕەکە نموونەیەکان بە ڕێژەی (٢٤,٣٪) بەشداری کۆی گشتی ڕووبەری شاری هەولێر دەکات.

خشتەی ژمارە(١) پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بەگوێرەی سێکتەرەکانی (سەرمایە، ڕووبەر، سێکتەر بۆ سەرمایە)

| سێکتەر | ژمارەی پڕۆژە | سەرمایە بە دۆلار$ | ڕووبەر بە دۆنم | سێکتەر بۆ سەرمایە ٪ |
|---|---|---|---|---|
| نیشتەجێبوون | ٩١ | ١١,٩٤٧,١٦٤,٠٧٤ | ١٥,٣٨٦,١ | ١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٩١ | ١١,٩٤٧,١٦٤,٠٧٤ | ١٥,٣٥٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان، دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر، ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١١/٣).

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (١) بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێك لە کارەکانی هەر نۆ کابینە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دابین کردنی پارەیەکی گونجاوە بۆ کەمکردنەوەی نیشتەجێبوون . لەم پڕۆژانەش (٨) پڕۆژەی نیشتەجێبوون لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکانەوە بونیادنراوە، (٨٠) پڕۆژەی نیشتەجێبوون لەلایەن کۆمپانیا خۆماڵیەکانەوە بونیادنراوە، (٣) پڕۆژەی نیشتەجێبوونیش بە هاوبەشی لە نێوانیان بونیادنراوە.

خشتەی ژمارە (٢)وەبەرهێنان بەپێی جۆری وەبەرهێنان لە ناوچەی توێژینەوە

| جۆری وەبەرهێنان | ژمارەی پڕۆژە | سەرمایە بە دۆلار | جۆری وەبەرهێنان بۆ سەرمایە ٪ |
|---|---|---|---|
| بیانی | ٨ | ١,٥٠٠,٦٣٢,٧٠٨ | ١٢,٥٦ |
| خۆماڵی | ٨٠ | ٩,٩٢٣,٣٩٩,١٠٠ | ٨٣,٠٦ |
| هاوبەش | ٣ | ٥٢٣,١٣٢,٢٦٦ | ٤,٣٨ |
| کۆی گشتی | ٩١ | ١١,٩٤٧,١٦٤,٠٧٤ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان، دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر، ڕێکەوتی

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت کە زۆرترین کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان خۆماڵین و لەلایەن بازرگانەکانی خۆمانەوە پڕۆژەکان دروست دەکرێن بە چاودێری و پاڵپشتی کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەك لە سەرەتادا باسمان کرد مێژووی گەڕەکە نموونەیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٧) بەڵام لەم سەردەمەدا ژمارەیان کەم بوو تاوەکو دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بە دیاری کراوی بووە سەردەمی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بیرۆکەی دروست کردنی گەڕەکە نموونەیەکان لە ناوچەی توێژینەوە .

خشتەی ژمارە (٣) دروست کردنی پڕۆژەکای وەبەرهێنان (گەڕەکە نمونەیەکان) بەپێی سەرمایە و ساڵەکان

| ساڵ | ژمارەی پڕۆژە | سەرمایە بە دۆلار | بەپێی سەرمایە ٪ |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | ٨ | ٨١٣,٥١٦,٠٠٠ | ٦,٨١ |
| ٢٠٠٨ | ٦ | ٣١٢,١٨٩,٨٥٠ | ٢,٦١ |
| ٢٠٠٩ | ١٨ | ٢,٢٤٣,٨٤١,٦٥٣ | ١٨,٧٨ |


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ١٧ | ٥٢٣,٩٣٨,٩٩٥ | ٤,٣٩ |
| ٢٠١١ | ١٠ | ١,١٣٥,٦٣١,٥٨٨ | ٩,٥١ |
| ٢٠١٢ | ١٦ | ٣,٤٧٠,٠٣٨,٤٨٤ | ٢٩,٠٤ |
| ٢٠١٣ | ١ | ١٦٥,٣٥٠,٠٠٠ | ١,٣٨ |
| ٢٠١٤ | ١ | ٨٠٧,٢٤٨,٢٠٠ | ٦,٧٦ |
| ٢٠١٥ | ١ | ٥٧١,١١٩,٠٠٠ | ٤,٧٨ |
| ٢٠١٦ | ١ | ٢٦٨,٤٢١,٣٤٠ | ٢,٢٥ |
| ٢٠١٧ | ---- | ---- | ---- |
| ٢٠١٨ | ٣ | ٣٨٩,٧١٣,٩٦٤ | ٣,٢٦ |
| ٢٠١٩ | ٦ | ١,٠٢٤,٣٢٥,٠٠٠ | ٨,٥٧ |
| ٢٠٢٠ | ٣ | ٢٢١,٨٣٠,٠٠٠ | ١,٨٦ |
| کۆی گشتی | ٩١ | ١١,٩٤٧,١٦٤,٠٧٤ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان، دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر.

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت کە زۆرترین وەبەرهێنان لە ساڵی (٢٠١٢) کراوە، کە (١٦) پرۆژەی نیشتەجێبوون بووە بە ڕێژەی (٪٢٩,٠٤) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم ساڵەدا حکومەتی هەرێم لەوپەڕی ئاست بەرزی و بوژانەوەی ئابوری دا بووە، ئاستی گوزەرانی دانیشتوان زۆر باش بووە داهات زۆر بووە خواست لەسەر دروستکردنی گەڕەکە نموونەیەکان زۆر بووە .
هەریەك لە ساڵەکانی (٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦) تەنها یەك گەڕەك لەتەواى ساڵەکاندا دروست کراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان و هاتنی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)، بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕازی حیزبە سیاسیە ناوخۆیەکانی حکومەتی هەرێم کە بووە مایەی تێکدانی بارودۆخی ناوخۆی حکومەت ئەمە لەلایەك، هەندێك لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان و دروست کردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون شکستیان هێنا بووە هۆی نەمانی متمانەیان لەلایەن دانیشتوانەوە لەلایەکی ترەوە .

دابەشبوونی جوگرافی بۆ گەڕەکە نموونەییەکان لە ناوچەی توێژینەوە

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو ناساندنی گەڕەکە نموونەیەکان ئەوا گەڕەکەکانمان دابەش کردووە بەسەر ئەو ڕێگا سەرەکیانەی کە داخلی ناوچەی توێژینەوە دەبن بەم شێوەیەی خوارەوە :

خشتەی ژمارە (٤)دابەش بوونی جوگرافیای و جۆر و ژمارەی یەکەو ڕووبەری گەڕەکە نموونەیەکان لە شاری هەولێر ساڵی (٢٠٢٠)

| ناوی پرۆژە | شوێنی جوگرافی | جۆری یەکەکان | ژمارەی یەکەکان | ڕووبەری یەکەکان بە/ م | ژمارەی نهۆم | نرخ بە دۆلار$ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەروازەی هەولێر | ڕێگای شەقڵاوە | ڤێلا | ٢٨٨ | ٢٥٠-٣٠٠م | دوو نهۆم | |
| شاری ئیتاڵی ٢ | ڕێگای شەقڵاوە شەقامی ١٢٠ مەتری | خانوو | ١٥٦٣ | ٢٠٠-٢٤٠-٣٢٠م | دوو نهۆم | |


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گوندی ئەمریکی | ڕێگای شەقڵاوە | ڤێلا | ٣٩٨ | ٤٠٠-٥٠٠-٦٠٠-٩٠٠م | دوو نهۆم | |
| وەرین ستی | ڕێگای شەقڵاوە | خانوو، شوقە | ٧٠٠ | ٢٥٠-٤٠٠-٥٠٠م | یەك، دوو نهۆم | |
| فاملی لاند | ڕێگای شەقڵاوە | ڤێلا، شوقە | ١١٦ ڤێلا، ١٥٦ شوقە | ڤێلا ١٨٠-٢٠٠-٢٥٠-٥٠٠م، شوقە ١١٣-١٣٠-١٨٠م | ڤێلا یەك، دوو نهۆم، شوقە ١٣ نهۆم | |
| بەفرین ستی | ڕێگای شەقڵاوە | خانوو، شوقە | خانوو ٧٨، شوقە ٢٥٢ | خانوو ٣٥٠-١٢٠٠م، شوقە ١٦٠-٢١٠م | خانوو دوو، سێ نهۆم، شوقە ١٢ نهۆم | |
| شاری زین | ڕێگای شەقڵاوە | خانوو، شوقە | خانوو ١٠٠٠، شوقە ١٤٤ | خانوو٢٠٠-٢٥٠-٥٠٠-١٠٠٠م، شوقە ١٠٠م | دوو و سێ نهۆم | |
| گوندی کۆری | ڕێگای شەقڵاوە | خانوو | ٥٠٠٠ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| ماس ستی | ڕێگای شەقڵاوە | ڤێلا | ١٤٥٧ | ٢٤٠-٣٢٠-٦٠٠م | دوو نهۆم | |
| گوندی ئارام | ڕێگای شەقڵاوە | ڤێلا، شوقە | ڤێلا ٣٠٦، شوقە ١٢٠٠ | ڤێلا ٢٤٠-٣٧٥-٤٢٥م، شوقە ١٠٠-٢٠٠م | ڤێلا دوو نهۆم، شوقە ١٢-١٤-١٦ نهۆم | |
| فیردەوس ستی | ڕێگای شەقڵاوە | خانوو | ٢٥٠ | ٢٥٠-٣٠٠-٤٠٠م | دوو نهۆم | |
| گرین لاند | ڕێگای شەقڵاوە | ڤێلا | ٢٥٠ | ٩٠٠-١٠٠٠-٢٠٠٠م | دوو نهۆم | |
| دەشتی بەهەشت | ڕێگای کەسنەزان | خانوو، ڤێلا، شوقە | خانوو، ڤێلا ٥٠٠ | ٢١٦-٣١٦م | دوو، سێ نهۆم | |
| شاری باجگر | ڕێگای کەسنەزان، شەقامی ١٢٠ مەتری | خانوو | ٢٨٥ | ٢٠٠-٢٥٠م | دوو نهۆم | |
| دوبەی ستی | ڕێگای کەسنەزان | ڤێلا | ٥٠ | ١٢٠٠م | دوو نهۆم | |
| فلۆریا ستی | ڕێگای کەسنەزان | ڤێلا، شوقە | ڤێلا١٠٠، شوقە ٥٨٠٠ | ڤێلا ١٠٠٠ م، شوقە ١٠٠-١٥٠-٢٥٠م | ڤێلا دوو نهۆم، شوقە ١٢ | |
| کافار ستی | ڕێگای شەقڵاوە | خانوو | ١٥٠ | ٢٥٠-٣٠٠ | دوو نهۆم | |
| تەلار ستی | ڕێگای کەسنەزان | خانوو | ٧٠٩ | ٢٣٠-٢٠٤م | یەك نهۆم | |
| زیلان ستی | ڕێگای کەسنەزان | خانوو | ٤٥٦ | ١٦٧م | یەك نهۆم | |
| سەری بڵند | تەنیشت قەڵای نوێ | خانوو، شوقە | خانوو ٣٧٠، شوقە ١٣٢ | خانوو ٢٠٠م، شوقە ١٠٧م | خانوو یەك نهۆم، شوقە سێ نهۆم | |


حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شاری لاوان | ڕێگای کەسنەزان، دوو سایدی لاوان | خانوو | ١١٥٢ | ٢٠٠م | یەك، دوو نهۆم | |
| شاری ئاشتی١ | ڕێگای کەسنەزان | خانوو | ١٥٤٥ | ٢٥٠م | یەك نهۆم | |
| شاری ئاینده ١ | ڕێگای کەسنەزان | خانوو | ٤٧٦ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| مارينا ١ | ڕێگای کەسنەزان | ڤێلا | ١٤٠ | ٣٣٦م | دوو نهۆم | |
| مارينا ٣ | ڕێگای کەسنەزان | ڤێلا | ١٤٠ | ٣٥٤م | دوو نهۆم | |
| شاری کامەرانی | شەقامی ١٢٠ مەتری | خانوو، شوقه | خانوو ٢٠٧، شوقه ٧ | خانوو ٢٠٧م٢، شوقه ١٣٥-١٦٨م٢ | یەك، دوو نهۆم | |
| شاری ئاشتی ٢ | ڕێگای کەسنەزان | خانوو، ڤێلا | خانوو ٨٩٠، ڤێلا ٣٤٥ | خانوو ٢٠٠-٢٢١م، ڤێلا ٢٥٠-٣٠٠-٤٠٠-٥٠٠م | یەك و دوو نهۆم | |
| شاری ئاینده ٢ | بەرامبەر کۆمەڵگەی لاوان | خانوو | ٤٨٩ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| مارينا ٢ | ڕێگای کەسنەزان | ڤێلا | ١٤٠ | ٣٣٦م | دوو نهۆم | |
| لانە ستی | ڕێگای کەسنەزان | خانوو، شوقه | خانوو ٥١٩، شوقه ٢٠٠ | خانوو ٢٠٠-٣٠٠م٢، شوقه ١٩٠م٢ | یەك، دوو نهۆم | |
| هیوا ستی | ڕێگای کەسنەزان | ڤێلا، خانوو | ڤێلا ٤٠٠، خانوو ٥٠٠ | ڤێلا ٤٥٠م، خانوو ٢٠٠م | | |
| شاری ئەتلەنتیك | ڕێگای کەسنەزان | خانوو، شوقه | خانوو٧٠٠، شوقه ١٦٠ | خانوو ٢٠٠م، شوقه ١٠٠م | خانوو دوو نهۆم، شوقه ١٠ نهۆم | |
| شاری پانك | ڕێگای بەحرکەی کۆن | خانوو | ٢٩٧ | ٣٠٠م | دوو نهۆم | |
| گوڵان ستی | ڕێهای بەحرکە | خانوو | ٥٠٠ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| ئۆبڵ | ڕێگای بەحرکەی کۆن | خانوو، شوقه | خانوو ٤٥٠، شوقه ٤٥٦ | خانوو ٢٠٠، شوقه ٦٧م٢-١٠٠م٢ | خانوو یەك نهۆم، شوقه ٢٠ نهۆم | |
| هەولێر ستی | ڕێگای کەسنەزان، دوو سایدی لاوان | خانوو | ٣٣٨ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| ئۆزاڵ | ڕێگای کەسنەزان | خانوو | ٧٥٠ | ١٧٢-٢٥٠م | یەك و دوو نهۆم | |
| شاهان ستی | ڕیگای کەسنەزان | خانوو، شوقه | خانوو ٢٢٠، شوقه ٦٢٦ | خانوو ٢٠٠م، شوقه ١٦٠م | یەك نهۆم | |
| بەحرکەی نوێ | ڕێگای بەحرکە | خانوو | ٢٢٤ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لوبنان ستی | ڕێگای بەحرکەی نوێ | خانوو، شوقە | خانوو ١٤٠، شوقە ٣٣٤٠ | خـانوو ٤١١-٥٨٦-٦٠٠م، شـوقە ٥٠-٢٠٠م | خانوو دوو نهۆم، شوقە ١٢ نهۆم | |
| هەرشەم ١ | ڕێگای بەحرکەی کۆن | خانوو | ٥٠٠ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| هەرشەم ٢ | ڕێگای بەحرکەی نوێ | خانوو | ٥٠٠ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| هەرشەم ٣ | ڕێگای بەحرکەی نوێ | خانوو | ٥٠٠ | ٢٠٠م | یەك نهۆم و نیو | |
| کانی ئەڵمانی | ڕێگای بەحرکەی کۆن | خانوو | ٣١٥ | ٣٠٦م | دوو نهۆم | |
| MRF 2 Tower | تەنیشت گوندی ڤیتاڵ | شوقە | ١٦٠ | ١٦٥م | بیست نهۆم | |
| Tower٤MRF | بەرامبەر ڕۆیاڵ ستێ | شوقە | ٣٢٠ | ١٦٥م | بیست نهۆم | |
| Tower٥MRF | بەرامبەر ٣٢ پارك | شوقە | ٤٠٠ | ١٦٥م | بیست نهۆم | |
| کوردستان ستی | ڕێگای بەحرکە | خـانوو، شـوقە، ڤێلا | خانوو ڤێلا ٤٠٨، شوقە ٣٦٤ | خـانوو ٢٠٠-٢٢٠م، ڤـێلا ٣٠٠-٤٠٠م، شوقە ١٤٨م | خانوو دوو نهۆم، ڤـێلا دوو نهـۆم، شوقە حەوت نهۆم | |
| گەنجان ستی | نێـوان ڕێگـای شـەقلاوە و بەحرکە شەقامی ١٥٠مەتری | ڤێلا | ٢٣٩١ | ٢٥٠-٣٥٠-٤٥٠-٦٠٠-١٠٠٠م | یەك و دوو نهۆمی | |
| پارك ڤیۆ | شەقامی فڕۆکەخانە | شوقە | ٩٦٠ | ١٣٥-١٤٩-١٨٣-٢٤٦-٣١٠-٤٨٣-٦٠٣م | نۆزدە نهۆم | |
| شاری ئیتاڵی ١ | شەقامی ١٠٠ مەتری | خـانوو، شـوقە، ڤێلا | خانوو ڤێلا ٧٤٠، شوقە ٨٠ | ١٤٠-٢٠٠-٢٤٠-٣٢٠-٦٠٠م | دوو نهۆم | |
| گوندی ڤیتاڵ | شەقامی ١٠٠ مەتری | ڤێلا | ٥٨ | ٣٤٢-٧٤٤م | دوو و سێ نهۆم | |
| ناز ستی (زەکەریا) | شەقامی گوڵان | شوقە | ٥٨٨ | ٩٤-١٩٤-٢٤٠م | دوانزە نهۆم | |
| ئیمپایەر | شەقامی ١٠٠ مەتری | ڤێلا، شوقە | ڤـــــێلا ٣٠٠، ٣٥٠٠ | ڤـێلا ٣٢٠-٣٤٠-٤٠٠م شـوقە ٦٧-٢٣١م، ١٧٥-٢٧٣م، ٤٧-١٨٤م | ڤـێلا دوو نهـۆم، شوقە ١٠-٢٥ نهۆم | |
| MRF Quattro Tower | شـەقامی گـوڵان بەرامـبەر سۆفی مۆڵ ٤٠ مەتری | شوقە | ١٤٤٠ | ٨١-٣١٠م | سی نهۆم | |
| شاری خەونەکان | نێـــوان شـــەقامی ١٠٠ مەتری و ٤٠ مەتری | ڤێلا | ١٢٠٤ | ٢٥٠-٣٥٠-٤٥٠-٦٠٠-٨٠٠م | دوو و سێ نهۆم | |
| گوندی ئینگلیزی | نێـوان ئیمپـایەر و شـاری ئیتاڵی | ڤێلا، شوقە | ڤێلا ٤٠٦، شـوقە ١٢٠ | ڤێلا ٣٢٤م، شوقە ١٥٠م | ڤـێلا دوو نهـۆم، شوقە ١٠ نهۆم | |
| مەم و زین | سەر ڕێگای موسڵ | شوقە | ٦٠٠ | ٤١-٥١-٧١-٨١-٩١م | دە نهۆمی | |

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نەورۆز ستی | شەقامی ١٠٠ مەتری نزیك نەۆخشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا | خانوو، شوقە | خانوو ١٠٠، شوقە ١٠٠ | خانوو ١٦٠-١٩٠م، شوقە ١٢٦م | خانوو یەك نهۆم، شوقە دوو نهۆم | |
| ئالان ستی | ڕێگای موسڵ نزیك کۆلێژی تیشك | خانوو، شوقە | خانوو ٤١٠، شوقە ٩ | خانوو ٢٠٠م، شوقە ١٢٥م | خانوو یەك نهۆم، شوقە هەشت نهۆم | |
| شوقەکانی ئیسکانی نوێ | شەقامی ٦٠ مەتری | شوقە | ١١٩٧ | ١٥٠-١٦٠-١٧٣م | شانزە نهۆم | |
| زێڕین ستی | ڕێگای مەصیف | خانوو، ڤێلا | ١٩٠٠ | خانوو ٢٠٠م، ڤێلا ٣٠٠-٤٠٠م | خانوو یەك نهۆم، ڤێلا دوو نهۆم | |
| پلاس لایف | ڕێگای کەسنەزان | شوقە | ٨٠٥ | ٨٠-٢٦٤م | حەوت نهۆم | |
| ڕۆز تاوەر | ڕێگای کەسنەزان تەنیشت پلاس لایف | شوقە | ٢٤٠ | ٨٠-٨٥-٩٠م | پانزە نهۆم | |
| سلافا ستی | ڕێگای شەقڵاوە | ڤێلا | ١٣٨ | ٤٠٠-١٠٠٠م | دوو نهۆم | |
| فیوچەر ستی | ڕێگای شەقڵاوە | ڤێلا، شوقە | ڤێلا ٣٥٠، شوقە ٣٠٠ | ڤێلا ٣٤٠-٤٥٠-٩٥٠م، شوقە ١٢٨-٢٦٥-٢٨٥م | ڤێلا دوو نهۆم | |
| ژیان ستی | ڕێگای کەسنەزان پشت ماجدی لاند | خانوو، شوقە | خانوو ٢٢٦، شوقە ٤٩٦ | خانوو ٢٠٠م، شوقە ١٤٩م | خانوو یەك نهۆم و نیو، شوقە هەشت نهۆم | |
| FM Plaza | ڕێگای کەسنەزان | شوقە | ٢٠٠ | ٩٠-١٨٦م | شانزە نهۆم | |
| شوقەکانی ٩٢ | ڕێگای کەرکوك | شوقە | ٢٠٠ | ١٥٠-١٩٨م | بیست نهۆم | |
| شیاو ستی | شەقامی ١٥٠ مەتری ڕێگای شەقڵاوە | خانوو | ١٥٠ | ٢٠٠م | یەك نهۆم و دوو نهۆم | |
| ئاڵتون ستی | ڕێگای بنەسڵاوە | خانوو | ٧٧٠ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| هیران ستی ١ | ڕێگای کەسنەزان، دوو سایدی لاوان | خانوو | ٥٨٨ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| هیران ستی ٢ | نێوان دارەتوو بنەسڵاوە، شەقامی کۆڕنیش | خانوو | ٥٠٤ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| زانکۆ ستی | ڕێگای کەرکوك | خانوو | ١٠٥٠ | ٢٥٠م | یەك و دوو نهۆم | |
| جیهان ستی | ڕێگای کەرکوك سەر شەقامی ١٢٠ مەتری | شوقە | ١٤٠٤ | ١٣١-٥٣٣م | بیست و سێ نهۆم | |
| ئاوێنەی شار | نێوان دارەتوو بنەسڵاوە | خانوو | ٩٠٠ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شاری زەیتون | نێوان دارەتوو بنەسڵاوە، شەقامی کۆڕنیش | خانوو، ڤیلا | ٢٨٢١ | ٢٠٠-٣٠٠م | یەك و دوو نهۆم | |
| MRF Roya Tower | نێوان گوندی ئینگلیزی و شاری ئیتاڵی ١ | شوقە | ١٢٣٠ | ٧٥-٣١٠م | سی و دوو نهۆم | |
| زانیار تاوەر | شەقامی ٦٠ مەتری بەرامبەر یاریگای شەهید فەرەنسۆ | شوقە | ٨٠٠ | ٨٥-٢٠٤م | بیست و پێنج تا چل و نۆ نهۆم | |
| چاودێر ستی | ڕێگای بنەسڵاوە | خانوو | ٢٠٠ | ٢٠٠م | یەك نهۆم | |
| مامۆستایان | ڕێگای شەقڵاوە سەر شەقامی ١٥٠ مەتری | خانوو، شوقە | خانوو ٨٢٠، شوقە ٥٧٦ | ٢٠٠-٢٥٠-٣٥٠م | یەك و دوو نهۆم | |
| گوندی منارە | سەر شەقامی ١٢٠ مەتری پشت ماجی مۆڵ | خانوو | ١٤٢٦ | ٢٠٠م | یەك و دوو نهۆمی | |
| تاوەری دادگەری | شەقامی موصل بەرامبەر پارکی سامی عبدالرحمن | شوقە | ١٠٠٠ | ٥٥-١١٠م | سی و پێنج نهۆم | |
| ستار تاوەر | شەقامی ٤٠ مەتری | شوقە | ٦٠٢ | ٤٣-١٥٩م | چواردە نهۆم | |
| ئیسکان تاوەر | شەقامی ٦٠ مەتری پشت نیو ستی | شوقە | ١٧٠٠ | ٥٨-٢١٩م | بیست و نۆ تا سێ و سێ نهۆم | |
| ئەندازیاران | ڕێگای کەسنەزان | خانوو، شوقە | ١٠٠٠ | خانوو ١٦٠-٢٠٠م، شوقە ٨٤-١٠٠-١١٠-١٦٠م | یەك و دوو نهۆم | |
| ئازادی نوێ | ڕێگای بەحرکەی نوێ، سەر شەقامی ١٢٠ مەتری | خانوو | ١٦٠٠ | ١٨٠-٢٠٠-٣٠٠م | یەك و دوو و سێ نهۆم | |
| MNW | شەقامی ٤٠ مەتری | شوقە | ٣٠٨ | ٦٥-٢١٥م | چواردە نهۆم | |
| داهاتی نوێ (فارسان) | سەر شەقامی ١٥٠ مەتری | خانوو | ٥١٠ | ٢٠٠م | یەك و دوو نهۆم | |
| سێنتراڵ پارك | شەقامی ٤٠ مەتری ڕۆناکی | شوقە | ١٠٠٠ | ٦٤-١٥٦م | حەوت تا نۆ نهۆم | |

سەرچاوە: ١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی وەبەهێنان، هۆبەی ئامارو پرۆژەکان، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/١٣). ٢..نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی حاجی سەلام، ڕێکەوتی سەردانی کردن (٢٠٢٣/٣/١٧). ٣.کاری توێژەر، سەردانی مەیدانی، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٢).

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت کە گەڕەکە نموونەیەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش نەبوون بەسەر تەواوی بەشەکانی شاردا، زۆربەی شارەکان کەوتونەتە بەشی ناوەڕاست و باکورو باکوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی شارەکە، کەمترین گەڕەك کەوتۆتە بەشی باشورو ڕۆژئاوای شارەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم بەشانەی شارەکە زەویەکانیان زیاتر بەکارهێندراوە بۆ بازرگانی کردن و پیشەسازی، سەرەڕای ئەوەی زەوی ئەو بەشەی شار نزمن.

### ١- گەڕەکە نموونەیەکانی باکورو باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر

هەموو ئەو گەڕەکە نموونەیانە دەگرێتەوە کەوا دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر شەقڵاوە، واتا بەشی باکورو باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی توێژینەوە کە


حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ژمارەیان (٢١)گەڕەکە. ڕێگای سەرەکی هەولێر شەقڵاوە ساڵی (٢٠٢٠)

خشتەی ژمارە (٥)دابەش بوونی جوگرافیای گەڕەکە نموونەیانەی دەکەونە سەر

| ژ | ناوی پڕۆژە | شوێنی جوگرافی | سەرمایەی دابین کراو / $ | ڕووبەر بە دۆنم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گوندی کۆری | هەولێر / پیرزین | ٣٤٣,١٣٢,٢٦٦ | ١,٥٩٢ |
| ٢ | فیردەوس ستی | هەولێر / شاوێس | ٦٢,٢٧٨,٦٠٠ | ٨٠,٠٠ |
| ٣ | سانا ستی | هەولێر / شاوێس | ١٥,٣٧٠,٠٠٠ | ٤٩,٦٦ |
| ٤ | گوندی کەنەدی | هەولێر / ڕێگای پیرمام | ٨٠,٠٠,٠٠٠ | ٢٠٠,٠٠ |
| ٥ | ئۆربیلا | هەولێر / پیرزین | ١٤٢,٨٦٥,٢٥٠ | ١١٦,٥٨ |
| ٦ | گوندی خانزادی ئەمریکی | هەولێر / ڕێگای پیرمام | ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٢٧,٠٠ |
| ٧ | شاری ماس | هەولێر / پیرزین | ٢,٢٩٨,١٨٥,٠٠٠ | ٩٩٩,٧٠ |
| ٨ | ڕۆژ تاوەر | هەولێر / شاوێس | ١٦٥,٣٥٠,٠٠٠ | ١٦,٠٠ |
| ٩ | کۆمەڵگای بەهار | هەولێر / پیرزین | ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣٣,٩٠ |
| ١٠ | کۆمەڵگای سەفیران | هەولێر / پیرزین | ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ | ٤٥,٠٠ |
| ١١ | کۆمەڵگای دەروازەی هەولێر | هەولێر / پیرزین | ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٩٩,٦٦ |
| ١٢ | گرین لاند | هەولێر / پیرزین | ١٦٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٥٠٠,٠٠ |
| ١٣ | گوندی ئارام | هەولێر / پیرزین | ٤٤,١٧٥,٠٠٠ | ١٠٠,٠٠ |
| ١٤ | کاڤاری نیشتەجێبوون | هەولێر / شاوێس | ٧,٣٠٩,٤٠٠ | ١٥,٥٠ |
| ١٥ | شاری زێڕین | هەولێر / پیرزین | ٧٤,٧٧٢,٣٨٠ | ٥٠٠,٠٠ |
| ١٦ | وەرین ستی | هەولێر / پیرزین | ١٩٩,٠٨٠,٦٩٢ | ٣٥٠,٠٠ |
| ١٧ | شاری ژین | هەولێر / پیرزین | ١٠٤,٣٩٢,٧٢٠ | ٢٠٤,٠٠ |


حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٨ | فیوچەر ستی | هەولێر / شاوێس | ٢٥٠,٢٧٠,٠٠٠ | ٢٦٨,٠٠ |
| ١٩ | شاری ئیتاڵی ٢ | هەولێر / پیرزین | ٢٠٨,٤٧٤,٠٠٠ | ٢١٢,١٥ |
| ٢٠ | ڕێناس ستی | هەولێر / پیرزین | ٣٢١,٧٤٤,٦١٤ | ١٨٤,١٥ |
| ٢١ | گوندی ئیسپانی | هەولێر / پیرزین | ٩٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣٠٣,٦٤ |
| کۆی گشتی | | | 4.652.400.012 | ٤٥٨٨,٧٣ |

سەرچاوە: ١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی وەبەرهێنان / هەولێر، بەشی ئامارو ئەندازیاری، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٦). ٢. نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی حاجی سەلام، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٧). ٣.کاری توێژەر، سەردانی مەیدانی، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٣).

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت کۆی گەڕەکە نموونەیەکانی کەوتونەتە سەر شەقامی سەرەکی هەولێر شەقڵاوە بریتیە لە (٢١) گەڕەك، کۆی گشتی ڕووبەریان بریتیە لە (٤٥٨٨,٧٣) دۆنم، کە دەکاتە (١١٤٧,١) هێکتار کەواتە ئەو گەڕەکانەی دەکەونە سەر ئەو ڕێگا سەرەکیە (٣٢,٨٣٪) کۆی گشتی گەڕەکە نموونەیەکان پێکدەهێنن. (٠,٨٪) کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە داگیر دەکات. بڕی پارەی تەرخان کراو بۆ ئەو بەشەی شار دەگاتە (4.652.400.012) دۆلار، بە ڕێژەی (٣٨,٩٤٪) لە کۆی گشتی پارەی تەرخان کراو بۆ بونیادنانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، گەورەترین پرۆژەی نیشتەجێبوون بریتیە لە (شار ماس) کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی دەگاتە (٢٤٩,٩) هێکتار. بچوکترین پرۆژەش بریتیە لە (کاڤار ستی) کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی دەگاتە (٣,٨٧) هێکتار نەخشەی ژمارە (٢).

نەخشەی ژمارە (٢) نەخشەی دابەشبوونی جوگرافیای گەڕەکە نموونەیانەی دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر شەقڵاوە ساڵی (٢٠٢٠)



سەرچاوە: ١. کاری توێژەر، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map)، پشت بەستن بە وێنەی ئاسمانی شاری هەولێر ساڵی ٢٠٢٠،

٢. (ال مدرس، ٢٠٠٣: ). ٣. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، بەشی نەخشەو(GIS)، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/١٣).

٢- گەڕەکە نموونەیەکانی باکوری شاری هەولێر

هەموو ئەو گەڕەکە نموونەیانە دەگرێتەوە کەوا دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر بەحرکە بە ڕێگا کۆن و ڕێگا تازەکەوە، واتا بەشی باکوری ناوچەی توێژینەوە کە ژمارەیان (٣٢)گەڕەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون.

خشتەی ژمارە (٦) دابەش بوونی جوگرافیای گەڕەکە نموونەیانەی دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر بەحرکە ساڵی (٢٠٢٠)

| ژ | ناوی پرۆژە | شوێنی جوگرافی | سەرمایەی دابین کراو / $ | ڕووبەر بە دۆنم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گوندی لوبنانی | هەولێر / بەحرکە | ٢١٣,٨٥٤,٢٥٢ | ٩٦,٠٠ |
| ٢ | هەولێری بازرگانی | هەولێر / عەنکاوە | ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٤١,٦٠ |
| ٣ | ٤Towers | هەولێر / بەحرکە | ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣,٠٠ |


توێژینەوەیەکی ڕێکخراو: لە ٠٨ی شوباتی ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤. ئەم وتارە بە دەستگەیشتنی کراوەیە و بەپێی مۆڵەتی Creative Commons Attribution - CC BY-NC-ND 4.0 دابەش دەکرێت

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | داهاتی نوێ | هەولێر/ بەحرکە | ٢٨,٩٦٢,٥٨٢ | ١٠٠,٠٠ |
| ٥ | شاری خەونەکان | هەولێر/ وارش | ٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣٠٠,٠٠ |
| ٦ | شاری مامۆستایان | هەولێر/ بەحرکە | ١٤٤,١٦٨,٣٨٠ | ٢١٠,٠٠ |
| ٧ | شاری MRF | هەولێر/ وارش | ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٥,٣٢ |
| ٨ | شاری ئیتاڵی | هەولێر/ وارش | ١١٥,٠٠٠,٠٠٠ | ١٥٠,٠٠ |
| ٩ | ئازادی نوێ | هەولێر/ عەنکاوە | ٩٨,١٨٩,٨٥٠ | ٢٩٩,٩٢ |
| ١٠ | گوندی تۆیلی سویدی | هەولێر/ عەنکاوە | ١٧,٣٧٢,٠٠٠ | ٧٤,٧٠ |
| ١١ | شاری باجگر | هەولێر/ وارش | ٤٠,٠٣٧,٥٠٠ | ٣٥,٣١ |
| ١٢ | ژیانی نوێ | هەولێر/ عەنکاوە | ٦,٦١٧,٩٨٠ | ١٥,٠٠ |
| ١٣ | کۆمەڵگای هەرشەم | هەولێر/ بەحرکە | ٣١,٥٧٥,٠٠٠ | ٨٧,٦٦ |
| ١٤ | شاری هەولێری سەردەم | هەولێر/ بەحرکە | ٢٧,٦٢٧,٠٠٠ | ١٥٠,٠٠ |
| ١٥ | لایت ستی | هەولێر/ بەحرکە | ٣٧,٥٠٠,٠٠٠ | ٨٥,٠٠ |
| ١٦ | گوندی پانك | هەولێر/ عەنکاوە | ٣٣,٣٦٢,٥٢٧ | ٦٦,٠٠ |
| ١٧ | شاری بەحرکەی نوێ | هەولێر/ بەحرکە | ١٠,٠٢٨,٠٠٠ | ٤٠,٠٠ |
| ١٨ | شاری گوڵان | هەولێر/ بەحرکە | ٢٨,٨١٣,٠٠٠ | ٨٠,٠٠ |
| ١٩ | کۆمەڵگای نەورۆز | هەولێر/ وارش | ١٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٢١,٥٠ |
| ٢٠ | پرۆژەی مەم و زین | هەولێر/ وارش | ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ | ١٦,٦٠ |
| ٢١ | شیاوی نیشتەجێبوون | هەولێر/ بەحرکە | ٥,٨٧٢,١٥٠ | ٣٠ |


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.٠

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | شاری کوردستان | هەولێر / بەحرکە | ٧٤,٧٠٩,٠٤٨ | ٨٢,٠٢ |
| ٢٣ | MNW Tower | هەولێر / وارش | ٣٢,٣١١,٣٥٠ | ١,٩٢ |
| ٢٤ | Erbil Golf Course | هەولێر / عەنکاوە | ٦٣٨,٣٢٥,٠٠٠ | ٣٥٧,٠٠ |
| ٢٥ | ئەیوان پاك | هەولێر / عەنکاوە | ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٢١,٥٥ |
| ٢٦ | تاوەری نیشتەجێبوون و بازرگانی | هەولێر / وارش | ٥٥,٠٠٠,٠٠٠ | ٣,٨٥ |
| ٢٧ | نیشتەجێبوونی مۆدێرن | هەولێر / گردجۆتیار | ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٣٠,٠٠ |
| ٢٨ | مینی سلاڤا | هەولێر / وارش | ٢١,٠٠٠,٠٠٠ | ٤,١٥ |
| ٢٩ | ستی ڤیو بۆ بازرگانی و نیشتەجێبوون | هەولێر / وارش | ٤٦,٣٩٨,٠٠٠ | ٣,٢٠ |
| ٣٠ | Sun Towers | هەولێر / گردجۆتیار | ٥٠,٤٣٢,٠٠٠ | ١٠,١١ |
| ٣١ | Lalav Sky View | هەولێر / وارش | ١٢٥,٠٠٠,٠٠٠ | ٨,٠٠ |
| ٣٢ | کوردستان بۆ پەرەپێدانی خانووبەرە | هەولێر / عەنکاوە | ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٤١,٦٠ |
| کۆی گشتی | | | ٢,٦٦٧,١٥٢,٦١٩ | ٢٤٧١,٠١ |

سەرچاوە: ١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی وەبەرهێنان / هەولێر، بەشی ئامارو ئەندازیاری، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٦)

٢.نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی حاجی سەلام، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٧)

٣.کاری توێژەر، سەردانی مەیدانی، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٣).

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٦) دەردەکەوێت کۆی گەڕەکە نموونەیەکانی کەوتونەتە سەر شەقامی سەرەکی هەولێر بەحرکە بە ڕێگا کۆن و تازەکەوە بریتیە لە (٣٢) گەڕەك، کۆی گشتی ڕووبەریان دەگاتە(٢٤٧١,٠١) دۆنم، کە دەکاتە (٦١٧,٧) هێکتار کەواتە ئەو گەڕەکانەی دەکەونە سەر ئەو ڕێگا سەرەکیە (١٧,٦٨٪) لە کۆی گشتی گەڕەکە نموونەیەکان پێکدەهێنن. (٠,٤٣٪) کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە داگیر دەکات. بڕی تێچووی دروست کردنی ئەو بەشەی شار دەگاتە (٢,٦٦٧,١٥٢,٦١٩) دۆلار، بە ڕێژەی (٢٢,٣٢٪) لە کۆی گشتی پارەی تەرخان کراو بۆ وەبەرهێنانی پرۆژە نوێیەکانی نیشتەجێبوون، گەورەترین پرۆژەی نیشتەجێبوون بریتیە لە (شاری گۆڵف) کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی دەگاتە (٨٩,٢٥) هێکتار. بچوکترین پرۆژەش بریتیە لە (MNW Tower) کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی دەگاتە (٠,٤٨) هێکتار نەخشەی ژمارە (٣).


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0



نەخشـەی ژمـارە (٣) گەڕەکە نموونەیەکانی دەکەونە سەر ڕێگای بەحرکە هەولێرساڵی (٢٠٢٠)

سـەرچاوە: ١.کاری تـوێژەر، بەبەکارهێنـانی بەرنامەی (Arc Map)، پشـت بەستن بە وێنەی ئاسمانی شاری هەولێر ساڵی ٢٠٢٠،

٢. (ال مدرس، ٢٠٠٣: ). ٣. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، بەشی نەخشەو(GIS)، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/١٣).

٣- گەڕەکە نموونەیەکانی دەکەونە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر

هەمـوو ئەو گەڕەکە نمـوونەیانە دەگـرێتەوە کەوا دەکەونە سـەر ڕێگـای سـەرەکی کەسـنەزان هەولێـر، واتا بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی تـوێژینەوە کە ژمـارەیان (٢٠)گەڕەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون .

خشتەی ژمارە (٧) دابەش بوونی جوگرافیای گەڕەکە نموونەیانەی دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی کەسنەزان هەولێر ساڵی (٢٠٢٠)

| ژ | ناوی پڕۆژە | شوێنی جوگرافی | سەرمایەی دابین کراو / $ | ڕووبەر بە دۆنم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵگای پەرۆش | هەولێر / کەسنەزان | ٧,٥٥٣,٤٨٤ | ٢,٦٠ |
| ٢ | لانە ستی | هەولێر / کەسنەزان | ٥٧,٠٧٢,٥٩١ | ١٠٠,٠٠ |
| ٣ | ئالا ستی | هەولێر / بنەسڵاوە | ١٠,١٧٠,٠٠٠ | ٣٢,٦٧ |
| ٤ | شاری ئاڵتون | هەولێر / بنەسڵاوە | ٣٥,٦٥٦,٣٦٠ | ١٣٠,٠٠ |
| ٥ | کۆمەڵگای گروپ | هەولێر / کەسنەزان | ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٦٠,٠٠ |
| ٦ | شاری لاوان | هەولێر / کەسنەزان | ٦٨,٠٠٠,٠٠٠ | ٢٠٠,٠٠ |
| ٧ | شاری ئاینده | هەولێر / حەسارۆکان | ٣٩,٠٠٠,٠٠٠ | ١٦١,٠٠ |
| ٨ | پڕۆژەی ئاشتی | هەولێر / کەسنەزان | ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١,٢٠٠,٠٠ |
| ٩ | گوندی منارە | هەولێر / حەسارۆکان | ٩٥,٥٥٤,٠٠٠ | ٢٥٣,٣٦ |
| ١٠ | شاری زیلان | هەولێر / کەسنەزان | ١٩,١١٣,٤٥٧ | ٥٠,٠٠ |
| ١١ | هیران ستی | هەولێر / حەسارۆکان | ٤٨,٠٠٠,٠٠٠ | ١٠٠,٠٠ |
| ١٢ | گوندی ئۆزاڵ | هەولێر / کەسنەزان | ٤٥,٠٠٠,٠٠٠ | ١٥٠,٠٠ |
| ١٣ | هەولێر ستی | هەولێر / حەسارۆکان | ١١,٥٥٥,٥٥٥ | ٥٧,٠٠ |
| ١ | ئاوێنەی شار | هەولێر / بنەسڵاوە | ٤٨,٣٠٠,٠٠٠ | ١٥٠,٠٠ |

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | | | | |
| ١٥ | شاری سەری بڵند | هەولێر / بنەسڵاوە | ٢٢,٨٨١,٠٠٠ | ١٠٠,٠٠ |
| ١٦ | ژیان ستی | هەولێر / کەسنەزان | ٣٨,٣٨٣,٩١٦ | ٦٠,٠٠ |
| ١٧ | فلۆریا ستی | هەولێر / حەسارۆکان | ٥٧١,١١٩,٠٠٠ | ٢٥٧,٣٨ |
| ١٨ | شاری شاهان | هەولێر / کەسنەزان | ٤٧,٩١٧,٦٥٠ | ٧٦,٠٠ |
| ١٩ | پرۆژەی ئەتلەنتیك | هەولێر / کەسنەزان | ٩٦,١٠٦,١٥٦ | ١٤٤,٩١ |
| ٢٠ | گروپ بۆ نیشتەجێبوون | هەولێر / کەسنەزان | ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ | ١٦٠,٠٠ |
| کۆی گشتی | | | ١,٤٨١,٣٨٣,١٦٩ | ٢٣٤٦,١٢ |

سەرچاوە: ١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی وەبەرهێنان / هەولێر، بەشی ئامارو ئەندازیاری، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٦)

٢.نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی حاجی سەلام، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٧)

٣.کاری توێژەر، سەردانی مەیدانی، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٣).

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت کۆی گەڕەکە نموونەیەکانی کەوتونەتە سەر شەقامی سەرەکی کەسنەزان هەولێر بریتیە لە (٢٠) گەڕەك، کۆی گشتی ڕووبەریان دەگاتە(٢٣٤٦,١٢) دۆنم، کە دەکاتە (٥٨٦,٥) هێکتار کەواتە ئەو گەڕەکانەی دەکەونە سەر ئەو ڕێگا سەرەکیە (١٦,٧٨٪) کۆی گشتی گەڕەکە نموونەیەکان پێکدەهێنن. (٠,٤٠٪) کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە داگیر دەکات. بڕی تێچووی دروست کردنی ئەو بەشەی شار دەگاتە (١,٤٨١,٣٨٣,١٦٩) دۆلار، بە ڕێژەی (١٢,٣٩٪) لە کۆی گشتی پارەی تەرخان کراو بۆ وەبەرهێنانی پرۆژە نوێیەکانی نیشتەجێبوون، گەورەترین پرۆژەی نیشتەجێبوون بریتیە لە (شاری ئاشتی) کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی دەگاتە (٣٠٠) هێکتارە. بچوکترین پرۆژەش بریتیە لە (کۆمەڵگای پەرۆش) کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی دەگاتە (٠,٦٥) هێکتار نەخشەی ژمارە (٤).

نەخشەی ژمارە (٤)دابەشبوونی جوگرافیای ئەو گەڕەکە نمونەیانەی دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی کەسنەزان هەولێرساڵی (٢٠٢٠)




سەرچاوە: ١. کاری توێژەر، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map)، پشت بەستن بە وێنەی ئاسمانی شاری هەولێر ساڵی ٢٠٢٠،

٢. (ال مدرس، ٢٠٠٣: ). ٣. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، بەشی نەخشەو(GIS)، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/١٣).

٤- گەڕەکە نموونەیەکانی باشوری شاری هەولێر

هەموو ئەو گەڕەکە نموونەیانە دەگرێتەوە کەوا دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی کەرکوك هەولێر، واتا بەشی باشوری ناوچەی توێژینەوە کە ژمارەیان (٤)گەڕەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون .

خشتەی ژمارە (٨)دابەش بوونی جوگرافیای گەڕەکە نموونەیانەی دەکەونە سەر


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ڕێگای سەرەکی کەرکوك هەولێر ساڵی (٢٠٢٠)

| ژ | ناوی پرۆژە | شوێنی جوگرافی | سەرمایەی دابین کراو / $ | ڕووبەر بە دۆنم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | جیهان ستی | ڕێگای هەولێر / کەرکوك | ٢٤٣٢٢٥٠٦٠ | ٣٧,٣٢ |
| ٢ | خوێندنی باڵا ستی | هەولێر / دارەتوو | ٢٦٨٤٢١٣٤٠ | ٢٧١,٩٥ |
| ٣ | شەهیدانی یەکێتی | ڕێگای هەولێر / کەرکوك | ------ | 29.15 |
| ٤ | ئاسودە ستی | ڕێگای هەولێر / کەرکوك | ------ | 63.00 |
| کۆی گشتی | | | 511646400 | 401.42 |

سەرچاوە: ١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی وەبەرهێنان / هەولێر، بەشی ئامارو ئەندازیاری، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٦)

٢.نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی حاجی سەلام، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٧)

٣.کاری توێژەر، سەردانی مەیدانی، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٣).

بەسەرنجدان لە خشتەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت کۆی گەڕەکە نموونەیەکانی کەوتونەتە سەر شەقامی سەرەکی کەرکوك/ هەولێر بریتیە لە (٤) گەڕەك، کۆی گشتی ڕووبەریان دەگاتە(٤٠١,٤٢) دۆنم، کە دەکاتە (١٠٠,٣٥) هێکتار کەواتە ئەو گەڕەکانەی دەکەونە سەر ئەو ڕێگا سەرەکیە (٢,٨٧٪) لە کۆی گشتی گەڕەکە نموونەیەکان پێکدەهێنن. (٠,٠٧٪) کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە داگیر دەکات. بڕی تێچووی دروست کردنی ئەو بەشەی شار دەگاتە (٥١١٦٤٦٤٠٠) دۆلار، بە ڕێژەی (٤,٢٨٪) لە کۆی گشتی پارەی تەرخان کراو بۆ وەبەرهێنانی پرۆژە نوێیەکانی نیشتەجێبوون، پرۆژەی ( خوێندنی باڵا ستی ) گەورەترین گەڕەکی نموونەیە کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٦٧,٩٨) هێکتار، نەخشەی ژمارە (٥).




نەخشەی ژمارە (٥) دابەشبوونی جوگرافیای ئەو گەڕەکە نمونەیانەی دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی کەسنەزان هەولێر ساڵی (٢٠٢٠)

سەرچاوە: ١.کاری توێژەر، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map)، پشت بەستن بە وێنەی ئاسمانی شاری هەولێر ساڵی ٢٠٢٠،

٢. (ال مدرس، ٢٠٠٣: ). ٣. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، بەشی نەخشەو(GIS)، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١/١٣).

لەکۆتایی ئەو باسەدا گەیشتین بەوەی کە گەڕەکە نموونەیەکان بە شێوەیەکی یەکسان دابەش نەبوون لە ناوچەی توێژینەوە.

تەوەری سێیەم: پلان و تایبەتمەندی مۆرفۆلۆجیای گەڕەکە نمونەییەکان لە ناوچەی توێژینەوە

لەم باسەدا دەست دەکەین بە دیاری کردنی ئەو تایبەتمەندیانەی کە گەڕەکە نموونەیەکان جیا دەکاتەوە لە ناوچەی توێژینەوە بەپێی کۆمەڵێك پێوەری دروست کردنی خانووبەرەو دەستەی وەبەرهێنان کۆمەڵێك پێوەری تایبەتیان بۆ دیاری کراوە لە ناوچەی توێژینەوە لە کۆی (١٥٢) گەڕەك (٨٢) گەڕەکیان نموونەین(دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠٢١/٩/٥).

لە ساڵی (٢٠٢٠) بەشێکی زۆر لەو گەڕەکانە تەواوی پێوەرەکای نیشتەجێبوونیان تێدا جێبەجێ کراوە، بەڵام هەندێکیان لایان داوە لەو پێوەرانە، گرینگترین تایبەتمەندیەکانی ئەم گەڕەکانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

٣- تایبەتمەندیە باشەکانی گەڕەکە نموونەیەکان

بۆیە بە نموونەی ناو دەبردرێن چونکە هەندێ لە خزمەتگوزارییەکان بۆ خزمەت کردنی دانیشتوان لە هەندێ لەو گەڕەکانە دەستبەر کراوە، ئەمەش وای کردووە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خواست لەسەر گەڕەکە نموونەیەکان زیاد بکات لە ناوچەی توێژینەوە.

یەکەم: شێوازی دروست کردنیان : یەکێك لە گرینگترین ئەو تایبەتمەندیانەی گەڕەکە نموونەیەکان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە بەشێوازێکی جوان و ئەندازیاری دروست کراون، بەجۆرێك هەموو گەڕەکەکان پلاندانانیان هەیە لە ژێر سەرپەرشتی ئەندازیاری شارەزادا دروست کراون، شێوازی داڕشتنی کۆڵانەکان و دابەش کردنی زەویەکان، بۆ نموونە ئەگەر کەرتێك خانوویەکی (١٥٠م٢) ئەوا تەواوی خانووەکانی


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەم شێوەیەن، سەرەڕای ئەوەش کۆڵانەکان زۆر بەجوانی و ئەندازەی داڕێژراون، توانای هاتووچۆکردنی باشیان هەیەو ئاستەنگی بۆ هاوڵاتیان دروست ناکات .

دووەم: هەر سێ جۆری شێوازی نیشتەجێبوون لەخۆ دەگرن (خانوو، شووقە، ڤێلا): لە گەڕەکە نموونەیەکاندا هەموو جۆرە شێوازەکانی نیشتەجێبوون بەدی دەکرێت، کە بەپێی پێوەری جیهانی(*) دروستکراون.

وەك ئاشکرایە بەکارهێنانی زەوی نیشتەجێبوون نوێنەرایەتی شار دەکات، بەجۆرێك بەواتای سەقامگیربوونی شار دێت. شار شوێنی نیشتەجێبوونە گەورەترین ڕووبەر داگیر دەکات بەبەراورد لەگەڵ بەکارهێنانەکانی تری شار(الشعب و الراوي، ١٩٨٣: ١٢٩).

کۆی گشتی زەوی شارنشینی (٣٠ – ٤٠٪) بەکاردەهێندرێت بۆ نیشتەجێبوون لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، ئەم ڕێژەیە گۆڕانی بەسەردا دێت لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو، چونکە فراوانبوونی شاریان بە شێوەی ئاسۆییە، لە هەندێك وڵات دەگاتە (٦٧٪)ی ڕووبەری شار، لە عەمان دەگاتە (٣٩٪)ی ڕووبەری شار پێکدەهێنێت، لە دیمەشق دەگاتە (٦٣٪) لە بەغداد دەگاتە (٦٠٪)ی ڕووبەری شار (الهیتي، ٢٠١٠: ١١٧). لە ناوچەی توێژینەوە بە هەردوو شێوازی فراوانبوونی ئاسۆی و ستوونی دەگاتە (٦٠-٧٠٪)ی کۆی گشتی ڕووبەری شار داگیر دەکات.

سێیەم: مێژووی دروستبوونی یەکەکانی نیشتەجێبوون: گەڕەکە نموونەیەکان لە ناوچەی توێژینەوە مێژووی دروستکردنیان نوێیە، بەبەراورد بە گەڕەکە کۆنەکان، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر جۆرو دابەش بوون و شێوازی دروستکردنیان بە پلانرێژی کراوە دوورە لە شێوازی هەڕەمەکی.

چوارەم: چڕی یەکەی نیشتەجێبوون (تاك/ یەکەی نیشتەجێبوون): بەرکەوتەی تاك لە ڕووبەری خانوو لە گەڕەکە نموونەیەکان، دەگۆڕێت لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر بۆ نموونە لە سوید (٢,٧)کەس بۆ یەکەیەکی نیشتەجێبوون، لە شانیشینی بەریتانیا بەرز دەبێتەوە بۆ (٢,٨) کەس بۆ یەکەیەکی نیشتەجێبوون، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگاتە (٩,٢) کەس بۆ یەکەیەکی نیشتەجێبوون، لە عێراق (٨,٢) کەس بۆ یەکەیەکی نیشتەجێبوون (عبدالله، ٢٠١٣: ٩٨-١١٥). ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان و دانیشتوان، لە ناوچەی توێژینەوە چڕی دانیشتوان بەرامبەر یەکەی نیشتەجێبوون جیاوازە لە گەڕەکێك بۆ گەڕەکێکی تر، بەشێوەیەکی گشتی چڕی دانشتوان دەگاتە (٥,٣)کەس بۆ یەکەیەکی نیشتەجێبوون لە گەڕەکە نموونەیەکانی شاری هەولێر .

پێنجەم: بەرکەوتەی تاك بۆ بەکارهێنانی نیشتەجێبوون: بەرکەوتەی تاك دەگۆڕێت لە شارێك بۆ شارێکی تر لە گەڕەکێك بۆ گەڕەکێکی تر بە گوێرەی ڕووبەرو ژمارەی دانیشتوانی شارو گەڕەکەکە. کۆمیسیۆنی پلاندانانی شارەکان لە عێراق پێوەرێکی ستانداردیان داناوە کە (٥٠م٢) بۆ هەرتاکێك لە یەکەیەکی نیشتەجێبوون بۆ خێزانێکی بچووکی (٥) کەسی، لە ناوچەی توێژینەوە لە زۆربەی گەڕەکە نموونەیەکان ئەم ستانداردە پەیڕەو کراوە و لە هەندێك لە ڤێلاکان بەر کەوتەی تاك زۆر بەرزتر دەبێتەوە لەو ستانداردەی کە داندراوە دەگاتە (٣٠٠م٢) بۆ نموونە لە پڕۆژەی (گرین لاند).

شەشەم: دانانی سیستەمی چاودێری (کامیرا، سکیوریتی): بەیەکێك لە گرینگترین ئەو تایبەتمەندیانە دادەندرێت کە گەڕەکە نموونەیەکانی پێ جیا دەکرێتەوە بەبەراورد بە گەڕەکی ئاسایی، ئەویش دانانی سیستەمی پاراستنی دانیشتوانی نیشتەجێی ئەم گەڕەکانەن، چ لە ڕێگەی بوونی کامیرەی چاودێری، چ لە ڕێگای دانانی پاسەوان لە دەرگای سەرەکی هاتووچۆکردن بۆ ناو گەڕەکەکان، کە بۆ تە هۆی پاراستنی سەروو ماڵی دانیشتوان، وای کردووە کەشێکی ئارام و سەلامەت بۆ دانیشتوان دەستەبەر بکات، هاوڵاتیان بێ ترس و دڵەڕاوکێ ماڵەکانیان جێبهێڵن(*).

حەوتەم: بوونی سیاج و ڕووپۆشی کردن: زۆربەی گەڕەکە نموونەیەکان دیواری سەلامەتیان بۆ کراوە بۆ پاراستنی گەڕەکە لە ئاژەڵی بەرەڵاو سەر شەقامەکان، هەروەها بۆ پاراستنی گەڕەکە لە هەر جوڵەو هاتووچۆیەکی مەترسیدار بۆ سەر ژیانی دانیشتوانی نیشتەجێی ئەم گەڕەکانە .

هەشتەم: خزمەتگوزاری پێشکەشکراو: ئەوەی وای کردووە گەڕەکە نموونەیەکان ببێتە جێگای سەرنجی دانیشتوان و خواستی زۆر لەسەر بێت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بوونی خزمەتگوزاریەکانی ژێرخانی ئابورییە لەوانە(تەندروستی، فێرکردن، خۆشگوزەرانی، بازاڕی ناوخۆ، مزگەوت ...هتد) لە زۆربەی گەڕەکاکندا تەواوی خزمەتگوزارییەکان بە باشترین شێواز بۆ دانیشتوان دابین کراوە، لەوانە بوونی هەموو شوێنی هەموو ئاستەکانی خوێندن هەر لە دایەگەوە تاوەکو پۆلی دانزەی بنەڕەتی، دابین کردنی باریگاو یاری منداڵان و مزگەوت، لە زۆربەی گەڕەکەکاندا بازاڕی ناوەخۆش بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە گەڕەکەکانی، ئەندازیاران، لانە ستی، ئیمپایەر بەدی دەکرێت.

سەرەڕای بوونی ڕێگاو بان و شەقامی فراوان بۆ هاتووچۆکردن، دانانی سیستەمی غاز و شوفاز بۆ زۆربەی گەڕەکەکان، دانانی پێوەی زیرەك بۆ کارەبا بە سیستەمی کارت و بەکارهێنان کاردەکات، دانانی سیستەمی پاککردنەوەی زبڵ و خۆڵ و خاشاك، پۆستەو گەیاندن بۆ بەشێك لە گەڕەکە نموونەیەکان.

نۆیەم: کاریگەری لەسەر ژینگە: لەبەرچاوگرتنی بواری ژینگەی لەلایەن کۆمپانیای وەبەرهێنان لەلایەك و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەکی تر بۆ پاراستنی ژینگەی نیشتەجێبوون، بە پاریزگاری کردن لە ژینگەی سروشتی ناوچەی توێژینەوە وەکو بەرپرسیاریەتێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، چونکە پیسبوونی ژینگەی شارەکان یەکێکە لە گەورەترین گرفتە سەرەکیەکانی جیهانی ئەمڕۆ.

مرۆڤ بە درێژای مێژوو لەهەوڵی بەدەستهێنانی ژینگەیەکی پاکدا بووە،

(*) کاتێك باس لە پێوەری ستانداردی جیهانی دەکەین مەبەستمان لە پێوەرەکانی دروست کردنی نیشتەجێبوون، کە هەر وڵاتێك پێوەرێکی تەندروستی داناوە، واتا بەرکەوتەی تاك بۆ نیشتەجێبوون، بەشێوەیەکی گشتی لە عێراق دەستەی وەبەرهێنان بەپێی ساڵەکان پێوەری ستانداردی دانوە، ناوچەی توێژینەوەش لە دیزان و دروست کردنی گەڕەکە نموونەیەکان پشتی پێ بەستووە، بۆ نموونە لە شار ڕووبەری (١٢٣,٥م٢) وەکو ستاندارد داندراوە بۆ خێزانێکی (٥) کەسی واتا هەر تاکێك دەبێت (٢٤,٧م٢) بەربکەوێت ئەگەر لەمە کەمتر بوو ئەوا ناچێتە چوارچێوەی ستانداردەوە(حسین، ٢٠٠١: ٧٤-٧٧).

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (ڕەزوان سەردار صابر)، بەڕێوەبەری کارگێڕی کۆمپانیای لانە ستی، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٦).


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.٠

بەشێوەیەکی بەردەوام ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی پاراستنی ژینگە جێبەجێدەکات، بۆیە یەکەی نیشتەجێبوونەکان و جۆرەکانی کاریگەریان هەیە لەسەر تەرخانکردنی ناوچەی سەوزایی و پاراستنی ژینگە، بۆیە دەبینین زۆربەی گەڕەکە نموونەیەکان ڕێژەی پیسبوونی هەوایان کەمترە بەبەراورد بە گەڕەکەکانی تری شار، چونکە ڕووبەری سەوزایی و پارك و ڕووبەری خانووەکانی لەتوانای دا هەیە ژینگەیەکی باشتر بەرهەم بهێنێت، چڕی و قەرەباڵغی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەگەڵ ڕووبەری سەوزایی گونجاوە و جوڵەی ئۆتۆمۆبێلیشی کەمترە بەشێك لە زەوی ئەو گەڕەکانە تەرخان کراوە بۆ سەوزایی و ڕووپۆشی ڕووەکی باخچەی ماڵان، ئەمەش وای کردووە ژینگەیەکی سروشتی جوان و ئاووهەوایەکی پاکیان هەبێت، هەست بە تەندروستی و ئارامی بکەیت لەو گەڕەکە نمونەیانەدا .

دەیەم: کەرستەو کەل و پەلی درست کردنی خانووەکان: کەرستەو کەل و پەلی بەکارهاتوو بۆ خانووەکانی ئەم گەڕەکانە بریتین لە کەرستەو کەل و پەلی ناوخۆ پێکهاتووە لە (چیمەنتۆ، بلۆك، خشت، کاشی، تەختە، ئەلەمنیۆم، پیڤی سی، شیش، ئەستڕۆپۆل، سقف مغربی، .... هتد) کە زۆربەی کەل و پەلەکان لە دەرەوەی وڵات هاوردە دەکرێت بۆ ناوەخۆی وڵات و بەکارهێنانیان(*) .

یانزەم: نەخشەی پلانی خانووەکان: خانووی ئەو گەڕەکە نموونەیانە بە شێوازێك دروست کراوە کە پێکهاتووە لە (باخچە، گەراج، ژووری دانیشتن، دوو ژووری خەوتن، هۆڵێکی ناوەوە، مشتەمەلات) واتا بە جۆرێك داڕێژراوە هیچ کەم و کوڕیەکی تێدا نیە لە خانووەکەدا.

هەروەها بەشێکی زۆری ئەو گەڕەکە نموونەیانە ڤێلان لەسەر شێوازی تازە دروست کراون، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو پێوەرە تەندروستیەکانی دروست کردنی خانووبەرە.

دوانزەیەم: شێوازی کڕین و فرۆشتن: بەیەکێك لە تایبەتمەندیە باشەکانی ئەو گەڕەکە نموونەیانە دادەندرێت کەوا دەکات خەڵکی زیاتر خواستیان لەسەر بێت ئەویش بوونی شێوازی قیست و مانگانەی درێژخایەنە، کە سەرەتا بەشێك لە پارەکە دەدەی پاشان ئەوەی تر بە مانگانە یاخود ساڵانە بڕی پارەی ماوە دەدەی بۆ بەدەست هێنانی خانووەکە(*).

سیانزەیەم: کاریگەری لەسەر پاراستنی زەوی کشتوکاڵی: بەهۆی ئەو ماستەرپلانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان دایان ناوە، یەکەی نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی هەرەمەکی بەربڵاو بەبێ پلان دروست نەکراون، چونکە گرفتی هەرەمەکی بە گەورەترین گرفت دادەندرێت لە شاردا کە بەشێکی زۆری وڵاتان پێوەی دەناڵێنن بە تایبەتی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو(دەستەی وەبەرهێنان، بەرواری ٢٠٢١/١١/٤).

بەو پێیەی دەشتەکان سەرچاوەی سەرەکی و زەوی شیاوی کشتوکاڵین لە هەرێمی کوردستان و لە ناویشیاندا ناوچەی تویژینەوە ناوچەیەکی بەرفراوان لە ڕووبەری دەشتای تێدایە، ساڵانە بڕێکی باش لە دانەوێڵە بەرهەم دەهێندرێت، بۆیە لەکاتی دروست کردنی گەڕەکە نموونەیەکان هەوڵ دراوە زیاتر شار فراوان بکەن بە شێوازێکی ستوونی .

٣-لایەنە خراپەکانی گەڕەکە نموونەیەکان

سەرەڕای بوونی ئەو لایانە باشانەی لە پێشوودا باسمان کرد لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان و نیشتەجێبوون بۆ دروست کردنی گەڕەکە نموونەیەکان، بێگومان بێ کەم و کوڕیش نین لێرەدا باس لە لایەنە خراپەکانی ئەو پرۆژە وەبەرهێنانە نوێیانە دەکەین کە گرینگترینیان بریتین لە :

یەکەم: دروست بوونی بێمتمانەی: دروست بوونی بێ متمانەیی بە یەکێك لە لاوازترین ئەو خاڵە دادەندرێت کە دروست بووە لە نێوان دانیشتوان و خاوەن پرۆژەکان، چ لەسەر ئاستی گشتی کە حکومەت سەرپەرشتی دەکات، چ لەسەر ئاستی تایبەت کە بازرگان و وەبەرهێنەکان سەرپەرشتی دەکەن، ئەو بێ متمانەیەش دەگەڕێتەوە بۆ شکست هێنانی چەند پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لە گرینگترینیان (دەشتی بەهەشت، فلۆریا ستی)، کە خاوەنەکانیان کارەکانیان بەجێ هێشت و ملیۆنان دۆلاری دانیشتوانیان خوارد وگەڕەکەکەش تەواو نەکرا تاوەکو ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا دوای دەستاودەست کردنی چەندین وەبەرهێنان و سەرپەرشتیار لە ئێستادا دەست کراوەتەوە بە تەواوکردنی پرۆژەی فلۆریا ستی کە بە گەورەترین پرۆژە دادەندرێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق.

دووەم: کاریگەری لەسەر زیادبوونی نرخ و کرێ نشینان: یەکێکی ترە لەو گرفتە گەورانەی بەردەم دانیشتوان کە بەشێکی زۆری ئەو گەڕەکە نموونەیانە نرخیان زۆر زۆرە ئەوەش وادەکات خەڵکی کەم دەرامەت نەتوانن بیکڕن و سودمەندبن تێیدا بەتایبەتی گەڕەکە نموونەیەکانی ئاستی بەرز لە داهات، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر بەرزبوونەی نرخی کرێ لەسەر دانیشتوانی کرێ نشین.

سێیەم: تەواو نەکردنی خزمەتگوزارییەکان: دوای تەواوبوونی پرۆژەکان خزمەتگوزارییەکان بە تەواو نەکراوی بەجێدەهێڵن، لەوانە خزمەتگوزاری (پەروەردەو فێرکردن، تەندروستی، بازاڕ کردن، شوێنی کات بەسەربردن، مزگەوت و شوێنی ئاینی) سەرەڕای ئەوەی لە بەشێك لە گەڕەکە نموونەیەکان کۆڵانەکانیان هەر بە چەوریژی ماوەتەوەو کۆنکریت نەکراون، کە ساڵانە لەوەرزی زستان و باران بارین گرفتی زۆر دروست دەکات بۆ دانیشتوانی نیشتەجێی ئەو گەڕەکانە .

چوارەم: تەواو نەکردنی پرۆژەکان و گەڕەکە نموونەیەکان: بە گرینگترین خاڵ دەدەندرێت کەوا دەکات گەڕەکەکان درەنگ تەواو ببن و دانیشتوان نەتوانن سودی لێ ببینن لە کاتی خۆی دا .

پێنجەم: لەناوبردنی زەویە کشتوکاڵیەکان: گەڕەکە نموونەیەکان لەبەر ئەوەی دەکەونە ناوچەی لێواری شار ئەوەش وادەکات لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان دروست بکرێ،

(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (اکبر علی محمد) خاوەنی نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی هیران، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٨).

(*) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر، هۆبەی ئامار، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٥).


ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.٠

که دەبێتە هۆی لەناوبردنیان و نەمانی ڕووبەری سەوزای کە هۆکارە بۆ دروست بوونی ژینگەی شار، چونکە ناوچە سەوزاییەکان بە سییەکان و هەناسەدانی شار دادەندرێت، جگە لە کەمبوونەوە لە ناوبردنی سەوزەو میوەی کە لەلێواری شارەکان دەکرێت، واتا شار فراوان دەبێت لەسەر تێکدانی زەوییە کشتوکاڵییەکان(*) .

شەشەم: تێکدانی لایەنی دیمۆگرافی: بە یەکێك لە خراپترین ئەو هۆکارانە دادەندرێت چونکە گەڕەکە نموونەیەکان دەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی هاتوو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون (٧٠-٨٥٪) عەرەبی باشوورو خواروی عێراق و کەسانی بیانی لەم گەڕەکانە نیشتەجێن و خاوەنی گەڕەکەکانن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لایەنی داراییان باشەو توانای کڕین و کڕی ئەو خانوانەیان هەیە لە پڕۆژەکاندا، کە ئەوەش وادەکات ژمارەی کورد نشینان کەم بکاتەوە.

## دەرئەنجام

لەکۆتای ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەو دەرئەنجامانەی خوارەوە کە بریتین لە :

١- ناوچەی توێژینەوە (٥٣,٩٪) پێکهاتووە لە گەڕەکی نموونەی، ئەوەش بەواتای ئەوە دێت کە ئاڕاستەکانی گەشەکردن و فراوانبوونی شار زیاتر بە جێبەجێ کردنی پلانەکانی دەستەی وەبەرهێنانەو پلانبۆداڕێژراوە.

٢- ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شار بە گەڕەکە نموونەیەکان دەکەوێتە بەشی باکورو باکوری ڕۆژهەلات و ڕۆژهەلاتی شاری هەولێر، بەڕێژەی (٦٧,٢٩٪) .

٣- ناوچەی توێژینەوە بەهۆی بوونی ڕووبەرێکی فراوان لە زەوی تەختایی لە ناوچەکانی لێواری شار، یارمەتیدەر بووە بۆ دروست کردنی گەڕەکە نموونەیەکان بەهۆی نەبوونی بەربەستی سروشتی وەکو چیاو سەرچاوەی ئاوو ڕووبار.

٤- گەڕەکە نموونەیەکان بەوە ناسراوان کە سیماو مۆرفۆلۆجیەکی جوان دەبەخشن بە شار، چونکە بە شێوەیەکی نوێ دروست دەکرێن بەهەردوو شێوازی ستونی و ئاسۆیی لەلایەن پلاندڕێژەرانی شارەوە پلانیان بۆ داندراوە .

٥- گەڕەکە نموونەیەکان بۆتە هۆکار بۆ کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر شاری دایك، لە نوێترین بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر گەڕەکە نموونەیەکان پێشبینی دەکرێت لە ساڵی (٢٠٣٠) دانیشتوان هەموویان ڕوویکەنە گەڕەکە نوێیەکان، بۆ ئەوەی خۆیان بەدور بگرن لە قەرەباڵغی و جەنجاڵی شار.

## ڕاسپاردەکان

١- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێری و بەدواداچوونی زیاتر بخاتە سەر کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان، بۆ ئەوەی بتوانن متانە بگەڕێنەوە لە نێوان دانیشتوان و خاوەن پڕۆژەکان.

٢- هەوڵ بدرێت ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شار بەرەو زەویە بەردەڵان و ئەو زەویانە ببردرێت کە بەکەڵکی کشتوکاڵی نایەن، بۆ ئەوەی کشتوکاڵ کردنی لێواری شار لە لەناوچوون بپارێزێت.

٣- ئاڕاستەی فراوانبوونی شار بگۆڕدرێت لە ئاسۆییەوە بۆ ستوونی، بۆ ئەوەی بتوان لە کەمترین ڕووبەردا چەندین یەکەی نیشتەجێبوون وەبەرهێندرێت تاوەکو زۆرترین دانیشتوان سودمەندبن تێیدا.

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بکات، گەڕەکە نموونەیەکان دروست بکات بە قیستی درێژخایەن بیدات بە دانیشتوان، بۆئەوەی ڕێژەی کرێنشینان کەم بکاتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


١- ال مدرس، ساكار بهاء الدين عبدالله، الانماط السكنية في مدينة اربيل- دراسة تحليلية في جغرافية المدن، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٣

٢- ال مدرس، ساكار بهاء الدين عبدالله، سليم، هيوا صادق، لاتحليل الجغرافي للماشريع السكنية المخططة في مدينة اربيل واثرها في البيئة العمرانية، گۆڤاری زانكۆ بۆ زانسته مرۆڤايەتيەكان، ژماره ٦، بەرگی ٢٣، ساڵی ٢٠١٩

٣- حسين، سفير جاسم، تحليل الواقع السكني في مدينة السماوه، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة القادسية، ٢٠٠١

٤- عبدالله، ماهر ناصر، كفاءة الوظيفة السكنية في مدينة السماوة، اطروحة دكتورا، جامعة بصرة، قسم جغرافية، ٢٠١٣

٥- العبيدي، محمد صالح حشاش، تقيم واقع التخطير الحضري في اطار تجربة المجمعات السكنية الاستثمارية في محافظة الانبار، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة الانبار، قسم الجغرافية، ٢٠٢٢

العطوي، عبدالله، جغرافية المدن، الجزء الثالث، مطبعة دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠٣

الهيتي، صبرى فارس، جغرافية المدن، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، ط١، ٢٠١٠

چاوپێکەوتن لەگەڵ (اكبر محمد علی)، خاوەنی نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەو زەوی زاری هیران، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٨)

چاوپێکەوتن لەگەڵ (عماد عزيز سليم)، خاوەنی نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەو زەوی زاری باغی هەرزان، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٨)

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار، بەشی نەخشەسازی، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٣)


(*) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (سامان عەرەب)، بەڕێوەبەری دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١٢/٥).

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

سەردانی مەیدانی توێژەر، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٣)

نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی حاجی سەلام، ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٣/١٧)

هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی وەبەرهێنانی پارێزگای هەولێر، هۆبەی ئامار، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٥)، (٢٠٢٢/١١٤/١٦)

هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، هۆبەی ئامار، ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٥)، (٢٠٢٢/١١٤/١٦).

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٠٨ فبراير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0